## دەسەڵاتدارانی کوردستان لە ژێر بیانووی جیاوازدا مووچەی هەندێك لە منداڵانی نابینا دەبڕن. !! ... شێرزاد فاتح

16 Sherzad_f@yahoo. com ی یولیۆ 2005 سوید

منداڵان بە گشتی و منداڵانی کەم ئەندام بەتایبەتی. ئەو بەشە لە منداڵانن کە پێویستیان بە هاوکاری و چاودێری تایبەتی و خزمەتی تایبەتی هەیە. لە سەرتاسەری دونیادا و لە هەر لایەنێك لە هەر جێگایەك بێت و بە دەسەڵات و یاسایەك خۆی بە خاوەنی کۆمەڵگا بزانی و بەڕێوە بردن و ڕێکخستنی ژیانی خەڵك وەئەستۆ گرێت. ئەرکێتی کە بەرلە هەر شتێك بیر لە منداڵان بەگشتی و منداڵانی کەمئەندام بە تایبەتی بکاتەوە. وە هەل و مەرجێکی ئینسانیان بۆ فەراهەم بکات. منداڵانی هاندیکاپ جا چ بە هۆی شەڕو تۆپباران و مینەوە کەم ئەندام بووبن. یان بە هۆی نەخۆشییەکی زگماکەوە یەکیك لە ئەندامەکانی لەشیا لەدەست دابێ و بەو هۆیەوە کەم ئەندام بووبن. ئەمڕۆ لە کۆمەڵگادا بەشێکی بەرچا و لە منداڵان پێك دەهێنن. حکومەتی هەرێمی کوردستان نەدەسەڵاتی ئەمبەرو نەدەسەڵاتی ئەوبەر هیچیان گرنگییەکی ئەوتۆیان بەم مەسەلەیە نەداوە و جێی سەر ئێشەو بیرکردنەوەی جدییان نییە.

کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندەو هەردوو دەسەڵاتی هەولێرو سلێمانی بەئەندازەی دابینی کردنی ژیانێکی باش بۆ خەڵکی کوردستان بە زیادیشەوە سەروەت و سامانیان لەبەر دەست دایە. هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەسەڵاتیانەوە بە بیانووی ساوای و حکومەت و دەسەڵاتەکەیان فشاریان بۆخەڵك هێناوەو هەرچی هاتووە دەرامەت و دەرماڵەی مووچەخۆران وخەڵکیان کەمکردۆتەوە. وە ئیعترازو نارەزایەتی خەڵکیشیان سەرکوت کردووە. ئەمە لە کاتێکدایە ئیتر هەرچی سەروەت و سامانی کوردستانە کەوتۆتە دەستی دەست و پێوەندەکانی خۆیان و حیزب و حکومەتەکانیان. بۆخۆشیان لەوەزیاتر بەردەرگاکانیان جێگەی وەستانی سەیارەی دوا مۆدێل و ماڵەکانیشیان جێگای ئامێری سەیرو سەمەرەی تیا نابێتەوە. سەرباری ئەمە دوا کارێکیش کە دەستیان بۆ بردووە لە هەندێك شوێن بڕینی مووچەی منداڵانی نا بینایە.

شێروان حەربی لە دایك بووی 1990 و ڕێزان حەربی 1993 دانیشتوی کەرکوك. نموونەیەکی ئەو منداڵە نابینایانەن کە بڕە پارەیەکی کەم کە پێیان دەدردرا لە ژێر ناوی





کۆمەکدا بە بیانووی جیا جیاوە براوەو

ماوەیەكە پێیان نادەن. خاتوو پەروین دایكی شێروان و ڕێزان دەڵێ:- لە لەسەرتادا لەكەركوك بووین لە لایەن ڕژێمی درەندەی بەعسەوە تەرحیل كراین بۆ هەولێر _ بنەسڵاوە. لەوێ لە لای دەسەڵاتی پارتی بڕێكی كەم مووچەیان بۆ بڕایەوە كە 30 هەزار دیناری تەبع بوو. پاشان بە هۆی گواستنەوەمان بۆ سلێمانی مووچەی منداڵەكانم بڕا. جارێكی تر لە لای دەسەڵاتی سلێمانی هەوڵمان بۆیان داو مانگانە 30 هەزار دینارەكەمان بۆیان وەرگرت. بەڵام ئێستا بە هۆی گوستنەوەمان بۆ شوێنی ئەسڵی خۆمان واتە كەركوك. ئێستا ئەچینە لای هەر كامێكیان مووچەی منداڵەكانمان نادەن و لە لایەك ئەڵێن ئێوە یەكێتین و لە لاكەی تریش ئەڵێن ئێوە فۆرمەكەتان كەركوكەو. . . و. . . هتد. هەروەها كاك حەربی باوكی منداڵەكان ئەڵێ ئێستا منداڵانێكی زۆر هەن كە نابینان و نەمەكتەبێكیان هەیەو نەشتێكی تایبەت هەیە بۆ ئەم منداڵانە وە لەدوای بڕینی ئەو بڕە كەمە پارەوە منداڵەكانی ئێمە هێندەی تر نارەحەت بوون. هەروەها دایك و باوكی ئەم منداڵانە هانایان بۆ سەنتەری منداڵان هێناوە كە حەلێك بۆ كێشەی منداڵەكانیان بدۆزینەوە.

ئێمە وەك ڕێكخراوێكی بەرگریكەر لە مافەكانی منداڵان نامەو داوای تایبەت ئاراستەی هەردوو دەسەڵاتی یەكێتی و پارتی دەكەین لەسەر ئەم كێشەیە بە تایبەتی و كێشەی منداڵان بەگشتی. وە بە ڕاستی تاوانە دەسەڵاتدارانی كوردستان چ یەكێتی و چ پارتی. منداڵان بكەن بە قوربانی بیرو بۆچوونی سیاسی و ئەندام بوونی دایك و باوكی منداڵان و ڕێكخراو بوونیان لە هەر پارت و لایەنێكدا.

ئەركی هەردوو دەسەڵاتدارێتی یەكێتی و پارتییە كە لە بەرامبەر بێمافییەكانی منداڵان بەگشتی و منداڵانی نابینا و كەمئەندام بە تایبەتی بەرپرسیارێتی لە خۆیان نیشان بدەن. وە وەزعییەتێك و ژیان و گوزەرانێكی سەخت كە بۆ ئەو منداڵانە خوڵقاوە لەبەرچاو بگرن. وە دەكرێ لەوهەموو سەروەت و سامانەی كە ڕۆژانە بەهەدەر دەدرێت و جێگەیەكیش ناگرێت بۆ خەڵكی و هاووڵاتیان. لەوەی كە پاروی دەمی خەڵكە و دەبێ بۆ خەڵك خۆی بێت. ژیانێكی پڕ لە بەختەوەری بۆ منداڵانی نابینا دابین بكرێت. ئەركی هەردوو دەسەڵاتدارێتی كوردستانە كە تەنانەت خانەی تایبەت بۆ بەخێو كردینان لە ڕۆژدا دابین بكەن بۆ ئەوەی دایك و باوك كاری ئاسایی خۆیان بكەن. وە جێگای حەوانەوەو خوێندن و یاری تایبەت و سەرحاڵیان بۆ ئامادە بكەن. وە بە هاوكاری مامۆستا و پسپۆری تایبەت بە خێو كردن و فێركردنی نابینایان و كەمئەندامان.

شێرزاد فاتح
سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منداڵان
www. santarimnalan. com